
## یەک سەرۆک هەرێم و دوو سەرۆک حوکمەت ... م. حەمید عەزیز



دوو وەزیری ئاو، دوو وەزیری کارەبا، دوو وەزیری داد. . . . لەهیج ولآتێکدا ئەم یاسایەنیە لەهیچ هەرێمێکی ئەم جیهانەشتی وانیە. . . . !

لەگەڵ ئەوەشدا نەحوکمەتمان رەسمیەنەئاو وەنەکارەبا وەنەداد هەیە. دوای چواردەساڵ حوکوم رانی و ئەو هەموو وەزیرو سەرۆك و ئاخاو. . . . . هتد. . . . میللەتی کورد لەدوای هەموو خەڵکەوەیەبەڵگەبۆ نوسینەکەم ئەوەیەکەخۆم خەڵکی سلێمانیم. . . . هەتا ئێستالەم شارەزوڵم لێکراوەکەشاری پیاهەڵدانو خەڵەتاندنی خەڵکەهەژارەکەی بوون هەر رۆژەی درۆیەك لەگەڵ خەڵکی ئەم شارەدا دەکەن.

وشەی هەڵمەتوقوربانی بۆتەباشترین دەستەواژەبۆ خەڵەتاندنی خەڵکی ئەم دەڤەرە. ئەگەر وانیەکەواتەئێمەی میللەتی سلێمانی گەمژەین، وەئەگەر وایە. . . بۆچی هەتا ئێستا وەبەتاییەت گەرەکەهەژارەکان بێ بەشن لەهەموو شتێك. . . هتد. . تەنانەت لەبرەخۆراکەکەش زوڵمیان لێ دەکەن کەمانگانەوەری دەگرن.

خەڵك بێ بەشن لەسەرەتاییترین ماف کەئەویش ئاوو کارەبایە.

باشەبۆ پرسیارێ لەخۆیان ناکەن بەدوو وەزارەتی داد تۆزێ داد نەبێ بۆهەژاران. . بەدوو وەزارەتی ئاو تازەبەتازەئاوبکرین بەتەنکەر. . ئێمەلەبەر چرای دوکەڵاوی ئەوانیش ماڵەکانیان چراخان بێت. . بروا بکەن سەردەمی هیچ دیکتاتورێك بەم شێوەیەنەبووە، ئاورێ بدەنەوەبەخۆتاندا بچنەوەبا تۆزێ هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەخەڵك بجولێ چونکەئاقیبەتی زۆرداری هەرترۆی و سەرشۆریە.

ئەمەوێ پرسیارێ بکەمو بەڵام قورگم پرئەبێ لەگریان بەڵام ئەو پرسیارە بۆ سەرکردەیەکی لێهاتوی کوردەمن خۆم بەتەریقیەوەوبەخەجاڵەتیەوەئەو پرسیارەئاراستەی مام جەلال ئەکەم وەزۆر داوای لێ بوردنی لێ دەکەم چونکەئەو خۆی رۆژنامەنوسەو ئەم پرسیارەم لێ قبوڵ دەکات پرسیارەکەم ئەوەیەمام جەلال بۆ بیری لای تاوانبارێکی وەك بارزان تکریتی یە. . . . . . . . بەڵام بیری لای میللەتەکەی خۆی نیە.

زۆر بەداخەوەخەڵك شۆرشی نەکرد بۆ تاریکی، خەڵك جەرگی نەسووتا بۆ زوڵم و سەرمایەداری یان بۆ ژێر دەستەییەکی تر

چونکەشۆرشمان کرد دژ بەدەرەبەگ و سەرمایەدار بەڵام بەداخەوەخۆتان گەورەترین سەرمایەدارن.

Hamid773@hotmail. com